# یەکگرتوو پرۆژەیەکە بۆ بە ئیسلامیزە کردنی کوردستان

ئارام رەفعەت
Aramraf2005@yahoo.com

ئەم بابەتە هەڵسەنگاندن وتێروانینە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ڕوانگەیەک کە تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازە لەوەی کە لە لایەن چاودێرانەوە، بە ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر یەکگرتوو گوتراوە، ئەویش لە ڕوانگەی بینینی یەکگرتووە وەک هەڵقەی زنجیرەی پرۆژەیەکی گەورەتر کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو،دروست بەدوای بەرز بوونەوەی نرخی نەوتدا، دەستی پێ کردووە و یەکگرتوو لای خۆی وەک سەحوەی ئیسلامی دەیناسێنێت و لەم بابەتەدا وەک پرۆژەی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان ناودەهێنرێت. ئەوەی کە ئەم بابەتە هەوڵ دەدات تۆخی بکاتەوە تان و پۆی سەرهەڵدان و گەشەکردن و ئامانجەکانی پرۆژەی ئیسلامیزە کردنەکەیە و لەوێشەوە یەکگرتوو پێناسە دەکاتەوە و هەندێک دیوی شاراوەی ئەو حیزبەش ڕەنگرێژ دەکات. لەم بابەتەدا ناگەڕێمەوە سەر مەکتەبی ئیخوان کە یەکگرتوو پەیڕەوی لێ دەکات، چونکە پێم وایە کە ئێستا ئێخوان بە یەکگرتووشەوە بەشێکە لەو پرۆژەیەی کە دەمەوێت باسی بکەم.

تێ گەیشتن لە یەکگرتووی ئەو دیو تاکتیک و سیاسەتی ڕۆژ، لە یەکگرتووی پشت بانگەوازی میان ڕەوی و پارتی ئیسلاحی و تینوی دیموکراسیەت و هەندێک جاریش حەلاڵ کردنی مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد تا دەگاتە ئەو یەکگرتووەی کە لەگەڵ حیزبی ئیسلامی عێراقیدا خۆی بە خاوەنی پرۆژەیەکی هاوبەش دەزانێت (سایتی یەکگرتوو- ئەمین عام- مقابلات) و هەموو ئەگەرەکانی هاوپەیمانێتی لە دەرەوەی بازنەی کوردستانی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق بەکراوەیی دەبینێت و هەموو ئەو سیناریۆ تەخەیول کراوانەی کە بوونەتە مایەی دڵە کوتەی زۆر کەس، ئەوە دەخوازێت کە لەو برگە مێژووییانە بگەین کە ئاڵ و گۆڕی ڕیشەیی لە ناوچەکەدا و یەکگرتوو (پارتە ئیسلامیەکانی تریش)ی وەک بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانە، هێنایە بوون.

گرنگترین برگەی مێژوویی لەو ئاستانەیەدا، کە شانسی گەشەکردنی بە ئیسلامی سیاسی بەخشی لە دوای جەنگی عەرەب- ئیسرائیلی (1973) وە دەست پێ دەکات. ئەم جەنگە ڕیزبەندییەکی تازەی جیۆپۆلەتیکی و شوێن گۆڕکێیەکی گرنگی دەسەلات و نەفوزی ولاتان و هەروەها هێز و کەلتور و ئایدیۆلۆژیای ئالتەرناتیڤ و پارت و جولانەوەی تازە هێزگرتووی بەشوێندا هات. کۆی دەرەنجامەکانی ئەم ئاڵ و گۆڕە دەکرێت بە پرۆژەی  بە ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا موسولمان نشینەکان یان ڕاستر بڵێم (بە سیاسی کردنی ئیسلام)  یان سەحوەی ئیسلامی (بە دەربڕینی ئیسلامیەکان) هاوتا بکرێت. وە یەکگرتووش وەک دەنگێکی ئەو (سەحوە)یە و هەڵقیەکی زنجیرەی ئخوان و پارتێکی ئیسلامی ناکرێت بەدەر لەو پرۆژەیە چاو لێ بکەین کە بە دوای ئەم جەنگەدا لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە و ئێستاش کاریگەریەکەی سەرتاپای  ئەو ولاتانەی گرتۆتەوە.

سەرەڕای بوونی زیاتر لە دوو سەدەی وەهابیزم و نزیکەی نیو سەدەی ئیخوانەکان، بەلاَم تا جەنگی عەرەب- ئیسرائیلی 1973، ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر دوو ڕەوتی حاشیەیی و بێ کاریگەر بوون لەسەر هەردوو ئاستی ولاتانی عەرەبی و ناعەرەبی دا. وەهابیزم بەدەر لە نیمچە شەراکەتێکی نافەرمی لە گەڵ بنەماڵەی ئالسەعوددا و ئیخوانیزمیش بێجگە لە چەند جموجۆڵێکی حەسر کراو لە میسر نەیانتوانیبوو دزە بکەنە ئەو دیو سنوری ولاتەکانی ترەوە (تەنانەت ئەوە بۆ ولاتە عەرەبیەکانیش ڕاستە، بێجگە لە ئەزمونێکی بەرتەسکی ئیخوانەکانی ئوردن). ئەزموونی خۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ئیسلامی عێراقی لە ساڵی حەفتای سەدەی ڕابردوو گەواهیەکی گەورەیە لەسەر بێ ئاسۆ بوون و لاوازی و کەنارگیریی ئیسلامی سیاسی لەو سەردەمەدا. دەکرێت بگوترێت کە دۆرانی

عەرەبەکان لەو جەنگەدا دوو بەرەنجامی گەورە و چارەنوس سازی لێ کەوتەوە،کە هەردووکیان خاڵی وەرچەرخان بوون دەسپێک بوون بۆ گەشە و هەڵتۆقینی ئیسلامی سیاسی یان یەکگرتوو گووتەنی (سەحوەی ئیسلامی) .

دەرەنجامی یەکەمیان لە ڕوی سیاسیەوە بوو، کە ئەویش شکستی ئایدیۆلۆژی و لەهەمان کاتدا لێدرانی هەیبەت و توانا و وەهمی ناسیونالیسمی عەرەبی بوو،ئەم بەرەو کوژانەوە چوونەی ئەستێرەی ناسیونالیسمی "نا ئیسلامی" عەرەبی (کە دووەم شکستی ئەو ڕەوتە بوو لە دوای جەنگی عەرەب- ئیسرائیلی 1967)، سەرەتایەک بوو بۆ درەوشانەوەی ئەستێرەی عەرەبە ئیسلامیەکان. لێرەوە هەلێک بۆ دەرکەوتن و هاتنە پێشەوەی ئیسلامیەکان وەک بەدیلێکی ئەم ڕەوتە شکست خواردووە ڕەخسا. دووەمیان دەرەنجامە ئابووریەکانی ئەو جەنگە بوو کە بە ڕای من زۆر لەوەی یەکەمیان گرنگترە و گەورەترین هۆکارە بۆموتوربە کردنی ئیسلامیزم لە کۆمەڵگا موسوڵمان نشینەکاندا ، بە واتایەکی تر سەرهەڵدان و گەشە کردن و پێ گرتنی زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان (بەوانەی کوردستانیشەوە) دەرهاویشەی ئەو وەرچەرخانە ئابووریانەن.

لێرەدا هەندێک هەڵوێستە لەسەر وردەکاریەکانی دەرەنجامی دووەمی جەنگی عەرەب-ئیسرائیل و کاریگەریان لە سەر چاندن و هەناردنی تۆو و تۆڕی ئیسلامی سیاسی بۆ وڵاتانی تر و ڕۆڵ و ئامانج و ئەجێندای ئەو پرۆسەیە دەکەم و یەکگرتووش وەک سیمبۆلێکی زەق و ئاشکرای ئەو پرۆژەیە لە کوردستاندا بە نموونە دەهێنمەوە.

بەدوای شکستی عەرەبەکان لە جەنگی عەرەب-ئیسرائیل، وڵاتە پارێزکارە عەرەبیەکانی کەنداو بەسەرکردایەتی سەعودیە، وەک هەڵوێستەیەک لە بەرامبەر پشتیوانی کردنی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل لە جەنگەکەدا گەمارۆی نەوت (بەرهەم هێنان و فرۆشتن)یان خستە سەر ڕۆژئاوا. دەرەنجامی گەمارۆکە دەسبەجێ بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلی نەوت بوو لە 2،5 بۆ 10 دۆلار، واتە بە ڕێژەی لە 400% . ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراورد بکرێت بە کۆتایی شەستەکان کە نرخی بەرمیلێک لە خوار دۆلارێکەوە بوو، ئەوا ڕێژەکە دەبێتە زیاتر لە 1000% لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا(1) . کاریگەریەکان و دەرەنجامەکانی گەمارۆی نەوت لە دوای جەنگەکە لەسەر وڵاتان دوو لایەنە و دژ بەیەک بوون. لە لایەکەوە بووە هۆی تەنگەژەی ئابووری و عەجزی میزانیەی زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە نەوت بەرهەم ناهێنن و (نەوت هاوردەکان)، لەو لای تریشەوە بووە سەرچاوەیکی گرنگی داهاتی وڵاتە نەوت بەرهەمهێنەرەکان و گەشە و بوژانەوەی ئابووریان. کاریگەرییە نەگەتیڤەکانی بەرز بوونەوەی نرخی نەوت لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە پرانی وڵاتە موسڵمان نشینەکانیش دەگرێتەوە، زۆر ڕوخێنەر تر و کاریگەرتر بوو تا لەسەر خۆرئاوا.

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم کە وتنە قەرز کردن لە سندوقی دراوی جیهانی (ئای،ئێم ئێف) و بانکی جیهانی بە ئامانجی کڕین و دابین کردنی پەترۆلی پێویست بۆ وڵاتەکانیان. ئەم بارووددۆخە لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی پادشایەتی لە ئێران لە ساڵی 1979 زۆر دژوارتر بوو. نرخی بەرمیلێکی نەوتی خاو لەو ساڵەدا گەیشتە 33 دۆلار. لە ئەنجامدا لە نێوان ساڵی 1973 وە 1980دا پرۆسەی قەرزدانی بانکە بازرگانیەکان بەرێژەی 550% زیادی کرد و تا ساڵی 1980 قەرزی وڵاتە گەشەسەندوەکان لە یەک تریلیۆن دۆلار تێپەڕی کرد (2). تەنگەژە و دارمانی ئابووری، دابەزینی نرخی کاڵا سەرەتاییەکانی تری غەیرە نەوت، هەروەها هەژاری و قەرزاری بووە سیمای ناسراوی وڵاتە هەژارە بێ نەوتەکانی جیهانی سێیەم و لەسەروو هەموشیانەوە وڵاتە موسوڵمان نشینەکان. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لاواز بوونی پێگەی ئەو وڵاتانە و قەبوڵ کردنی زۆربەی مەرجەکانی ئەو وڵات و ڕێکخراوانەی کە ئامادەیی قەرز پێ دان یان کۆمەک کردنی وڵاتە هەژارەکانیان هەبوو.

لەو سەرەوە، وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت لە ماوەیەکی کەمدا بوون بە هێزێکی گەورەی ئابووری و وڵاتی خاوەن نەفوز لەناوچەکەدا. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە 63% و وڵاتانی کەنداو پتر لە 50% و سەعودی عەرەبیە بە تەنیا لە 25% پەترۆلی یەدەکی جیهانی لە ژێر خاکەکەیاندایە، ئەو هەقیقەتەمان بۆ

دەردەکەوێت کە هەڵکشانی نرخی نەوت چ کاریگەریەکی لە سەر هەڵرژانی دۆلار و بوژانەوەی ئابووری لەم وڵاتانەدا هەبووە. بۆ نموونە سەعودی عەرەبیە کە 261 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی هەیە و ڕۆژانە دەتوانێت زیاتر لە7تا 12 ملیۆن بەرمیلی نەوتی خاو بەرهەم بێنێت (3). بە حیساب کردنێکی سەرپێیی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە داهاتی ڕۆژانەی نەوتی سەعودیە لە ساڵی 1969لە نێوان 6 تا 12 ملیۆن دۆلار بووە، لە بەرامبەردا ئەم بڕەیە لەساڵی 1979 بوو بە نزیکەی230 تا 400 ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا. بەم جۆرە سەعودیە و وڵاتانی تری کەنداو لە وڵاتی دواکەوتوو و دەوار نشینی دابڕاو و کەم کاریگەر لە گۆڕانکاری و ڕوداوەکانی جیهانەوە بوون بە هێزێکی ئابووری مەزن لە ناوچەکەدا.

دەرەنجامەکانی فڕینی نرخی نەوت و تەنگەژە ئابووریەکانی وڵاتانی کەم دەرامەت و بوژانەوەی وڵاتە نەوت بەرهەمهێنەرەکان، هاوکێشەیەکی سیاسی و ئابوری تازەی لێ هاتە کایەوە. میرنیشینەکانی کەنداو بەڕابەرایەتی سەعودیە بوونە خاوەن پێگەیەکی بەهێزی گەورە و کاریگەر لە ناو جیهانی ئیسلامیدا و وەک وڵاتی بەتوانا (لەڕووی ئابووریەوە) و کۆمەک بەخش و لەهەمان کاتدا خاوەن نەفوز بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانێک کە گیرۆدەی دەردە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان ببوون و بەدوای قەرز و کۆمەک دا دەگەڕان، هاتنە ناو هاوکێشە تازەکانەوە. گرنگترین هەنگاوی ئەم وڵاتانە، ئیستیسمار کردنی ئەو داهاتە خەیاڵیانە بوو بۆ ئاسایش و پاراستن و بەردەوامی حوکمی بنەماڵە و سیستەمە کۆنسێرڤاتیفەکانیان، کە هەموویان پادشایەتی موتڵەق و لەسەر بناغەی سیستەمی خوێنبەندی و بنەماڵەیی دامەزراون وە یەکێک بوون لەو سیستەمە کەمانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبوو. ئەو ئیستیسمار کردنە بە هەردوو ئاراستەی ناوخۆ و دەرەوەوە بوو. مەبەستی سەرەکی ئێمە کاریگەری ئەو پرۆژەیە لەسەر ئاستی دەرەوە و پەیوەندی ئەم پرۆەیە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی، وە خۆمان لەسەر هەوڵە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە دەپارێزین.

ئەو سیستمانە بۆ کەم کردنەوەی فشار و مەترسی ئایدۆلۆژیەتە جۆراوجۆرەکان (ناسیونالیسم، لیبرالیزم وە چەپەکان) لەسەر سیستەمە بنەماڵەییەکانیان (ئەوسا ئەو تەوژمە لە ڕێگای هەر یەک لە میسر و عێراق و یەمەن گەیشتبووە سەر سنوورەکانیان)، یەکەم هەنگاویان ئاراستە کردنی کێشەی عەرەب ئیسرائیل بوو بەجۆرێک کە لەژێر کاریگەری چەپ و ناسیونالیستەکان دەربێت و بتوانن ڕابەرایەتی ئەم کێشەیە لەو ڕەوتانە وەربگرن و لە کارتی ڕەوایی کێشەی فەلەستینیان تەجرید بکەن و لە بری ئەوە کێشەکە بەئاقاری خزمەت کردن بە مانەوەی سیستەمەکانیاندا ببەن و لێرەوە چەکی گەمارۆی نەوتیان خستە گەڕ. هەنگاوی دووەمیان تەوزیف کردنی داهاتی نەوتیان بوو کە لای زۆرێک لە ئەکادیمیانی ڕۆژ ئاوا بە (پەترۆ-دۆلار ،یان بە کوردی نەوتە-دۆلار) ناسراوە، بۆ مەرامی دژە هێرش، واتە ئەمجارە ئەو ڕژێمە کۆنسەرڤاتیفانە کەوتنە بلاو کردنەوەی ئایدیۆلۆژیا و پشتگیری کردنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی کە هاوشێوەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتیانەیە کە ڕژێمەکانی خۆیانیان لەسەر بونیات نراوە.

لێرەدا ئیسلامی سیاسی کاریگەرترین چەک بوو بۆ سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە، بەتایبەت بۆ سەعودی عەرەبیە کە لە بنچینەدا ئاوێتەیەکە لە خێڵەکیەتی عەرەبی و وەهابیزم. پێک هێنانی ڕێکخراوی مرۆیی هەیئەی ئیغاسەی ئیسلامی لە ساڵی 1978، یەکەم هەنگاوی عەمەلی بوو بەو ئاراستەیەدا، بۆ هەناردنی کۆمەک (پەترۆ-دۆلار)ی هاوپێچ بە ئیسلامی سیاسی (هەر یەک لە وەهابیزم و ئیخوانیزم بێ جیاوازی) بۆ وڵاتانی جیهان. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979دا، ئەم تەوژمەی بەهێزتر کرد، بە تایبەت کە وڵاتانی کەنداو ڕەقیبێکی تازەیان لە سەر مەسەلەی ڕابەرایەتی کردنی جیهانی ئیسلامی و خۆ بەخاوەن زانینی کێشەی فەلەستینیان بۆ پەیدا ببوو.

بۆ ڕوون کردنەوەی قەبارە و جدیەتی ئەو پرۆژەیە، لە بری ئەو کۆمەکانەوە دەست پێ دەکەم کە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە بۆپشتگیری کردن و دامەزراندنی ڕێکخراو و جوڵانەوە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی تر نێردراون و سەعودیە

دەکەمە نموونە. بە پێی گۆڤاری (یو ئێس نیوس)بەرگی 135 ژمارە 21 ی ساڵی 2003 (4)، بە تەنیا ئەو وڵاتە لە ماوەی ساڵانی نێوان (1975-2002) زیاتر لە 70 ملیار دۆلاری بۆ پڕۆژەی بە ئیسلامی کردنی وڵاتان بەخشیوە. ئەگەر ئەو دەیان ملیارە لە پەترۆدۆلارەکانی وڵاتە میرنشینەکانی تری کەنداو (کوێت، قەتەر، بەحرەین، سەلتەنەتی عومان) کە لەژێر هەمان پەردەی کۆمەک دا خستویانەتە خزمەت پرۆژەی (سەحوەی ئیسلامی)، ئەوا دەکرێت بگوترێت کە پرۆژەی هەناردنی ئیسلامی سیاسی، لە لایەن میرنشینەکانی کەنداوەوە بۆ وڵاتانی موسوڵمان یەکێکە لە گەورەترین پرۆژەی نێونەتەوەیی کە زۆرترین سەرمایەی بۆ تەرخان کراوە. هەر خودی ئەو کۆمەکە خەیاڵیانەش ئاماژەیە بۆ ڕادەی گرنگی ئیستراتیژیەتی پرۆژەکە و ئامانجە ئاشکرا و شاراوەکانی. دیارە ئەم برە کۆمەکانە جیاوازە لە قەرز پێدان و کۆمەک کردنی فەرمی کە وڵاتانی کەنداو ڕاستەوخۆ وەک گرێبەستێک داویانە بەو دەوڵەتانەی کە کەم تا زۆر لە گەڵ سیستەمەکانیان یەک دەگرنەوە و دیفاع لە کێشەی فەلەستین دەکەن. ئەم برە کۆمەکەش بە پێی کتێبی (جەنگەکانی ئاو، لاپەرە 18) لە نێوان 1973 تا 1989 گەیشتە 100 ملیار دۆلار کە 60%ی بۆ وڵاتە عەرەبیەکان بوو (5). زانینی شێواز و چۆنیەتی و مەرج وە هەروەها مەبەستە ڕاگەیەنراوەکانی بەخشینی پەترۆ-دۆلارەکان یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینەوەی پەیامی ڕاستەقینە و هۆکار و میکانیزمە پەیڕەو کراوەکان و هەروەها لەگەڵ ماهیەت و سروشتی جوڵانەوەکانی زادەی ئەو پرۆژەیە لەوانەش پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان وە بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی ئاشنا بین .

ئەم سەروەتە مەزنە زیاتر بەسەرپەرشتی سێ دامەزراوە (کە دوانیان مرۆیین) بەخشراوەتەوە، کە ئەم ڕێکخراوانەن، کۆمەڵەی وڵاتانی موسوڵمان کە بارەگای سەرەکی لە مەککەیە و لە 36 وڵات ئۆفیسی هەیە، دامەزراوەی الحەرەمەین لە ریازی پایتەختی سەعودیەیە و 50 لقی لە جیهاندا هەیە و هەیئەی ئیغاسەی ئیسلامی جیهانی بارەگای سەرەکی لە جەددەیە و لە 90 بارەگای لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان هەیە و لە کوردساتنیش زۆر چالاکە (گۆڤاری یو ئێس نیوس، ژمارە 21 ساڵی 2003).

بۆ ئیعتیباراتی سیاسی و دەرباز بوون لە لێپرسینەوە نێو نەتەوەییەکان و ئیغفال کردنی وڵاتە کۆمەک وەرگرەکان و ڕەواندنەوەی مەترسیەکانیان لە دەست تێوەردانی دەرەکی، ئەو ڕێکخراوانە وای نیشان دەدەن کە بەشێک لە کۆمەکی ئەو سێ ڕێکخراوەیە لەلایەن خەڵکی سادە و تا ڕادەیەک کەم دەرامەتی وڵاتانی کەنداو لە شێوەی زەکات و سەدەقە دابین دەکرێت و بەشەکەی تریشی لە لایەن شازادەکان و کەسایەتییە ئاینی یە خاوەن دەسەڵاتەکان و دەوڵەمەندە بە توانا و ناودارەکانەوە و لەلایەن ئەوانیشەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پلانی بۆ دادەنرێت. هەرچەند ئەم بەشداریەی خەڵکی عەوام و ئەو کەسایەتیانە نکۆڵی ناکرێت بەڵام لە بنچینەدا هەر دەوڵەتە کە هەم کۆمەک بەخشی سەرەکییە وە هەم سەرپەرشتیار و پلان دانەر و بڕیاردەری ڕاستەقینەیە. سێ هۆکار پشت ڕاستی ئەو هەقیقەتە دەکەن، یەکەمیان ئەوەیە کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی وڵاتانی موسوڵمان کە بە دایکی دوو ڕێکخراوەکەی تر دا دەنرێت میزانیەکەی بەتەواوی و بە فەرمی لە لایەن دەوڵەتی سەعودیەوە دابین کراوە. دووەمیان ئەوەیە ئەم کەسایەتیانەی کە کۆمەک بۆ دوو ڕێکخراوەکەی تر دابین دەکەن و سەرپەرشتی ڕێکخراوەکان دەکەن، یان کارمەندی پایە بەرزی دەوڵەتن یان نزیکن لە ناوەندی بڕیار دان لەو وڵاتانەدا، وەک شازادەکان و مەلا و بازرگانە خاوەن دەسەڵاتەکان. سێیەم بەڵگەش ئەوەیە کە لەم وڵاتانەدا ئازادی هەر چەشنە ڕێکخستن و کۆمەڵە و ڕێکخراوێک کە بۆنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت (تاڕادەیەکی زۆر) مرۆیشی لێ بێت قەدەغەیە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە یان ووردتر لە لایەن میر و شازادەکانەوە سەرپەرشتی نەکرێت و نەچێتەوە خانەی خزمەت کردن بەو سیستەمانە.

لە ڕووی مەرجەکانی دابەش کردنی کۆمەکەکان، هەرچەندە بەشێک لەو کۆمەکانە بۆ دروست کردنی مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان بووە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام هەروەک دیلیپ هێرۆ لە کتێبەکەیدا ( ئیسلام و فەندەمەنتالیسم، لاپەرە 149) (6) ڕوونی کردۆتەوە،کۆمەکی وڵاتەکانی کەنداو تایبەت بووە، بۆ وڵاتە موسوڵمانەکان و لەوانیش تەنها بۆ ئەو وڵات و پارت و ڕێکخراو و (ئێن جی ئۆ) ئیسلامیانە بووە کە سیاسەتەکانی

سەعودیەو ئەو وڵاتانە قەبوڵ دەکەن. بۆ نمونە مەرجەکانی سەعودیە ئەوە بوو کە وڵات یان پارت و لایەن و (ئێن جی ئۆ)ی کۆمەک وەرگر پێویستە جیهاد یان بەرهەڵستی لەدژی مارکسیەت و یەکێتی سۆڤیەت ڕابگەیەنێت (ئەمە زیاتر پێش داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو، دواتر ئەم مەرجە بوو بە دژایەتی کردنی عەلمانیەت و ناسیونالیزمی وڵاتە نا عەرەبیەکان)، هەروەها دەبێت دوژمنایەتی زایۆنیزم بکات و سێیەم مەرجیشیان ئەوە بوو کە هەوڵ بدات کە شەریعەی ئیسلامی جێ بەجێ بکات .

لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی ئەو کۆمەکانە، هەر بە پێی سەرچاوەکان، دوو لەسەر سێی ئەو کۆمەکانە بۆ چالاکی ئیسلامی تەرخان کراون، لەوانەش، دروست کردنی مزگەوت، قوتابخانە ئاینیەکان،سەنتەرەکانی چالاکیە ئیسلامیەکان و خوولی فێر کردنی زمانی عەرەبی. بۆ نموونە ، ڕێکخراوی ئیغاسەی ئیسلامی، لە هەر وڵاتێکدا بە دەیان مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی درووست کردووە کە زۆربەیان سەرپەرشتی و ئیمتیازیان دراوە بە پارت و کەسایەتی و (ئێن جی ئۆ) ئیسلامیەکان و دەوڵەت و دامەزراوە حکومیەکانی وڵاتە کۆمەک وەرگرەکان کەمتر کاریگەری یان توانای چاودێری و کۆنترۆڵیان لەسەر ئەو بنکە ئاینیانە هەبووە و ئەو سیستەمەی کە مزگەوت و شوێنە ئاینیەکانی تری لە وڵاتەکاندا پێ بەڕێوە دەچێت کەمتر لەسەر ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئەم دەزگا (بەناو) خێرخوازیانەوە دروست دەکرێن، جێبەجێ کراون. لە ئەنجامدا دوور لە چاودێری و سەرپەرشتی و کاریگەری دەوڵەت و لەژێر پەردەی خێرخوازی و عیبادەت و خوداپەرەستیدا، ڕێکخراوەکانی لەبابەتی ئیغاسە (کە سەرچاوەی سەرەکی پەترۆدۆلارەکانی یەکگرتووشە) زیرەکانە و بێ گرفت بارەگا و بنکەی ئیسلامیەکان دادەمەزرێنن.

نمونەیەک بۆ ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی ئیغاسە لە هەناردنی ئیسلامی سیاسی، کارگوزاریەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئەندەنوسیا. ئیغاسە بە تەنها لە ئەندەنوسیا 575 مزگەوتی دروست کردووە و لەگەڵ هەر مزگەوتێکیشدا، بڕێک پارەیان بە مزگەوتەکە داوە و وانە بێژی پەروەردەکراو بە بیری ئیسلامی سیاسی و وتارخوێنی ئیسلامی ڕادیکاڵیان دامەزراندوون، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ئەم مزگەوتانەی ئەندەنوسیا کە لەلایەن ئەم ڕێکخراوە وە دروست کراون، پێگەی بە ئیسلامی کردنی لاوان و مێردمناڵان بووە و سەرچاوەی پێگەیاندن و ئامادە کردنی دۆست و لایەنگر و ئەندامی تازە بووە بۆ پارتە ئیسلامیەکانی ئەو وڵاتە (گۆڤاری یو ئێس نیوس، ژمارە 21 ساڵی 2003).

نمونەیەکی زەقتر دەربارەی ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوەیە ئەفغانستانە، کە چاودێرە سیاسیەکان پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە ئەم ڕێکخراوەیە لە ئەفغانستان خەرجی شەش کەمپی میلیتانتە ئیسلامیەکانی خستبووە ئۆدەی خۆی . لە پاکستان کە کاریگەری و نەفوزی سەعودیە زۆر بەرفراوانە، ئەو موچەیەی کە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بۆ هەندێک لە جیهادیەکان و لایەنگرانی پارتە ئیسلامیەکان براوەتەوە چەند قاتی موچەی فەرمانبەرانی ئەو وڵاتەیە. بە هەمان شێوە دەزگای حەرەمەین، بە پێی سەرچاوە ڕەسمیەکانی ئەمریکی، لە 10 وڵات لەوانەش ئەندەنوسیا، پاکستان، سۆماڵ و چیچان پشتگیری دارایی گروپە چەکدارە ئیسلامیەکان دەکات (هەمان سەرچاوەی سەرەوە).

پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەوەیە ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەو کۆمەکانە ڕاستەوخۆ بۆ چالاکی ئیسلامی سیاسی بەکار بێن، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەی ئەو سێ یەکەی کە دەمێنێتەوە بۆ کوێ دەچێت؟ لە ڕاستیدا بەشەکەی تری ئەو کۆمەکانەش بۆ هەندێک لایەنی خزمەت-گوزاری مرۆیی وەک نەخۆشخانەکان و یارمەتی هەتیو و پەک کەوتەکان تەرخان کراوە (ئیسلام و فەندەمەنتالیسم، لاپەڕە 149)،بەڵام لە دوا جاردا ئەم یارمەتیە مرۆییانەش دەخرێنەوە خزمەت پروپاگەندەی سیاسی و هەڵخڕاندن ڕێکخستن و پەیدا کردنی ئەندام و لایەنگر بۆ جوڵانەوە ئیسلامیەکان.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نمونەیەکی زۆر زەق و زیندوو حاشاهەڵنەگری ئەو پرۆژەی تەوزیف کردنی پەترۆ-دۆلارەیە بۆ بەئیسلامی کردنی وڵاتان. لەم ڕووەوە یەکگرتوو داهێنانێکی تازە نیە، بەڵکوو هەڵقیەکی گرنگی زنجیرەیەکە کە لەوسەرەوە وڵاتانی باشووری ئاسیا لەوانەش ئەندۆنوسیا و فلیپین، پاکستان، بەنگلادیش و

ئەفغانستان لەو سەریشەوە چیچان و بۆسنیا وتا دەگاتە  سۆماڵ و نایجیریا پێوەند دەکات بە ناوەندێکی (خاوەن دۆلار و دەست بڵاو) کەتێیدا ئۆتۆریتە و جیهانبینی و کاریگەری عەرەبی-ئیسلامی کۆنسەرڤاتیڤ حاکم و ڕابەرە، وە هەروەها کێشە و بەرژەوەندیە بەرزەکانی ئەو ناوەندە لەوانەش (فەلەستین) تێدا ئەسڵ و بنچینەیە. بەدەر لەوە هەر کێشە و دیاردەیەکی تری تایبەت بەو وڵاتانە کە ئەو هەڵقەیە پێک دەهێنن دەبنە مەسەلەی لاوەکی و تەنها دەکرێت کە وەک تاکتیک یان هۆکارێک بۆ تەجرید کردنی هێزە نائیسلامیەکان لەو کارتانە سودیان لێ وەربگیرێت .

ئەوەی کە یەکگرتوو لەوانی تری جیادەکاتەوە هەستیاری و ئالۆزی ئەو زەمان و زەمینەیە کە ئەو حیزبەی تیا دەست بەکار بوو. پرۆژەی یەکگرتوو هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنە لوتکەی ئەزمەی وڵاتانی خاوەن پرۆژەی بە ئیسلامی کردن (میرنیشینەکانی کەنداو) لە گەڵ باڵی نا-ئیسلامی و ڕادیکاڵی ناسیونالیزمی عەرەبی بە ڕابەرایەتی سەددام، لە لایەکی تریشەوە، هاوکات بوو لەگەڵ خرۆشانی ئیحساساتی ناسیونالیستانە و ئیسلامیانەی عەرەبی کە لە ئەنجامی شکستی سەدام لە شەڕی کەنداوی دووەم و دەرکەوتنەوەی سیمای (ناحەز)ی ئیمپریالیستانە و کریستیانانەی ئەوروپاو ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە تا دەهات زیادی دەکرد. لە هەمووشی گرنگتر ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و دەرچوونی کوردستانی عێراق بوو لە ژێر سیادەی ڕاستەوخۆی عەرەبی و ڕێکردنی بە ئاقاری جیابوونەوە، کە ئەمە بۆ هەموو باڵەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی بە نائیسلامی و بە ئیسلامیەوە زەنگی خەتەر و هێڵی سووری دابەش بوونی وڵاتێکی عەرەبی بوو.

لەم حاڵەتەدا بوونی پارتێکی ئیسلامی دەبێتە مەسەلەیەکی چارەنوسساز و لە تەعویز نەهاتوو و بەپەلە. پارتێک کە بتوانێت لانی کەمی ئەو ڕایەڵانە بپارێزێت کە کوردستان بە جیهانی عەرەبی-ئیسلامیەوە ببەستێتەوە و زەمانەتی دوور نەکەوتنەوە و هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لەژێر کاریگەری و نەفوزی جیهانی عەرەبی و ئیحتیوا کردن و پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیە بکات کە لە ئەنجامی وەدەرنانی لەشکر و دەوڵەتی عەرەبی (واتە دەسەڵاتی سەددام حوسێن) لە کوردستان دروست بووە. پارتێک کە بتوانێت ڕۆڵی کلیلی ئەمان ببینێت و لە تەوژمی ناسیونالیزمی کوردی کەم بکاتەوە و لە ئیعتیبار و هەیمەنە و  بنەما فکریەکانی ئەو جوڵانەوەیە بدات کە دەیەوێت بەشێک لە خاکی عەرەبی (کوردستان) لە وڵاتی دایک (نیشتیمانی عەرەبی) دابڕێت. پارتێک کە بتوانێت ئامادەیی و زیندوێتی و هەروەها باڵادەستی زمان و کەلتوری عەرەبەکان بپارێزێت لە کوردستان،  لە ڕێگای بە موقەددەس نیشاندانی ئەو زمان و کەلتور و داب و نەریتانەوە. لێرەدا پەترۆ-دۆلار هێز دەداتە بەر چەکە ڕۆحی و جیۆپۆلەتیکیەکان، وە زەمانەتی کردنەوەی دەروازەیەک بۆ هاتنە ژوورەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی بە پۆشاک و گوفتار و گوتارێکی جیاواز دەکات.

باڵە ئیسلامیەکەی ناسیونالیستی عەرەبی لە دەروازەی خێرخوازیدا و لە ڕێگای ڕابیتەی ئیسلامی کورد و لەژێر چاودێری هەندێک ڕێکخراوی وەک ئیغاسە و بە پارەو پولی (موسوڵمانە خواناسەکانی) کەنداو، پێی نایە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری کوردستان. ئەوەی کە زەمینەیەکی زۆر لەباری بۆ پرۆژەی پەترۆ-دۆلار لە کوردستاندا ڕەخساند ئەو واقیعە تاڵانەبوون کە کوردستان پێیەوە گرفتار ببوو،  لەوانەش کوردستان وڵاتێکی سوتماک و وێران کراو بوو کە لە سای دەیان ساڵەی زەبرو زەنگی دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکاندا هەژاری و نەداری بڵاو بوبۆوە و هەزاران خێزان لە یەک ترازابوون و لەشکرێکی بێ شوماری مناڵ و پیر و پەککەوتە لە ئەنجامی جینۆسایدەکانی ئەو ڕژێمانە بێ نان-هاوەری ماڵ و سەرچاوەی ژیان مابوونەوە. هەروەها گەمارۆی ئابووری چەند لایەنە لەسەر کوردستان و لەهەموشی خراپتر فەشەلی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی یەکگرتوو و دواتریش جەنگی ناوخۆیی و کارەسات و کاریگەریە گیانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکان و زۆرتر بوونی ژمارەی ئاوارە و بێ باوک و بێسەرپەرشتیاران و ئەو کەلێن و بۆشاییە ئیداری و سیاسیانەی کە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا هاتنە ئاراوە زەمینەکەی لەبارتر کردبوو.

لە کەسمان شاراوە نییە کە سەرەتا ئەو پرۆژەیە لە کوردستان بە ڕابیتەی ئیسلامی کورد (کە کاک سەلاحەدینی ئەمینداری یەکگرتوو ئەندامی دامەزرێنەریەتی) وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازی دەستی پێ کرد و گەشەی کرد (یان ڕاستر وایە کە بڵێین ماسکی فرێدا) بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی-سیاسی. تا ئێستاش ڕابیتە وەک سەرچاوەی سەرمایە و ئیعتیباری ماددی و مەعنەوی وە وەک داینەمۆی پەیدا کردنی ماتریاڵی ئینسانی بۆ یەکگرتوو ڕۆڵ دەبینێت. بۆ سەلماندنی ئەو حوکمەی سەرەوەم لە هەندێک سەرچاوەی یەکگرتوو سوود وەر دەگرم. لە (لاپەڕە 5ی ژمارە 531ی ڕۆژی 21-3-2005)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوودا، ڕابیتە بەم جۆرە پێناسە کراوە: "ڕابیتە وەک ڕێکخراوێکی خێرگوزاری و فریاگوزاری و مرۆڤدۆست لەسەرتاسەری کوردستاندا بە کار و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناسراوە" ئەوجا باسی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە دەکات و دەڵێت " بەدەیان پرۆژەی مزگەوت و بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە و قوتابخانە و پرۆژەی ئاو و بەخێو کردنی هەزاران منداڵی بێ باوک و پرۆژەی نازدارانی ڕابیتە و خزمەتکردنی بواری تەندروستی لە ڕێگەی چەندین عەیادەی جێگیر و گەڕۆکەوە بێ بەرامبەر پێشکەش بە هەزاران هاوڵاتی کوردستان کردووە". لە درێژەی هەمان بابەتدا، ڕۆژنامەکە ئامارەکانی لقی کەرکوکی ڕابیتە وەک نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "تا ئێستا لەسەرجەم بوارە خزمەتگوزاریەکاندا تەنیا لە سنووری لقی کەرکوک (4 ملیۆن و186 هەزار و 872 دۆلار خەرج کراوە)". هەر بەگوێرەی ڕۆژنامەکە لە کۆی 188 پرۆژە کە بەو برە دۆلارانە دروست کراون 94 مزگەوت و 54 پرۆژەی ئاو، 26 پرۆژەی بیری ئاو 4 قوتابخانە و 4 بنکەی تەندروستی" ئەمە و لەگەڵ "مووچەی مانگانە بۆ 2200 خێزانی دەڤەرەکە".

هەر بەهەمان ئاراستە و بەڵام بەڕاشکاوانە و بێ پەردەتر، کاک سەلاحەددینی ئەمینداری یەکگرتوو ئاوا بۆ ڕۆژنامەی (میللی کازێتەی ڕۆژی 12-1-1996 ) باس لە چالاکیەکانی یەکگرتوو دەکات و دەڵێت "تا ئێستا ئێمە 92 مزگەوتمان دروست کردووە، هەروەها یارمەتی ماددی و مەعنەوی بۆ منداڵەهەتیوەکان لەگەڵ بێوەژنەکان دابین دەکەین. ئێمە بە پشتیوانی موسوڵمانانی دەرەوە موچەی مانگانە بۆ خێزانی 4770 بێ باوک دابین دەکەین". لێرەدا کاک سەلاحەددین کارە خزمەتگوزاریەکانی "ڕابیتە" وەک کاری "ئێمە" واتە (یەکگرتوو)، وە وەک بەشێک لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان (حزبەکەی) باس دەکات. کە ئەمە دان پیانانێکی ڕاشکاوانەی ئەمینداری ئەو حزبەیە لە سەر ئیستیغلال کردنی کارە خزمەت گوزارەیەکان بۆ مەرامی سیاسی و سیاسەت کردن لەژێر پەردەی خێرخوازیدا. لە درێژەی باسەکەیدا کاک سەلاحەدین باس لە چالاکییەکی تر دەکات و دەڵێت "ئەگەر بێینە سەر قوتابخانە شەرعیەکانیش ئێمە لە ناوچەکەدا 12 قوتابخانەمان هەیە کە نزیکەی 300 قوتابی فێرە زانستە ئیسلامیە سەرەکیەکان دەکەن، ئەمیش لە ڕێگای 58 مامۆستای زانای بە توانا لە بواری جیا جیای زانستە ئیسلامیەکان". بەڵام لەهەموو ئەوانە پڕ بایەخ تر لای کاک سەلاحەدین ئەوەیە کە دەڵێت "گرنگترین چالاکی ئێمە بریتیە لەو خولانەی لەبەر کردن و فێر کردنی قورئانی پیرۆز، ئێمە لە 73 ناوچەدا 4280 خوولی قورئانی پیرۆزمان کردۆتەوە لەم خولانەشدا 21193 قوتابی کوڕ و کچ بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامی وەر دەگرن". ئینجا بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئامانجە سیاسیەکانی پشت ئەو خولانەی ئاشکرا دەکات ،کە بەهەزاران مناڵ و گەنجی هەژاری ئەم وڵاتەی تێوە گلاوە و دەڵێت: " ئامانجی ئێمەش لەم خولەیەدا پەروەردە کردنی نەوەیەکە کە هەست بە پەروەردەیەکی ئیسلامیانە بکات و ئەوانەش ئامادە بکرێن بۆ دەزگا ئیسلامیەکان کە لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی ئیسلامی بەرز دامەزرابن، پاشان هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە بانگەوازی ئیسلام بگەیەنرێتە هەموو جەماوەر".

ئەگەر ئەم چەند ڕستانەی سەرەوە کورت بکەینەوە و بەیەکەوەی بلکێنین دەبێتە " یەکگرتوو لە ژێر ناوی ڕابیتەوە، یان ڕابیتە لە بری یەکگرتوو یان وەک ئۆرگانێکی ئەو حیزبە، بە پشتیوانی موسوڵمانانی دەرەوە (کەنداو)، مزگەوت و قوتابخانە دروست دەکات، موچە بۆ مناڵە بێ سەرپەرشتەکان دابین دەکات و خولی فێر بوونی قورئان و پەروەردەی ئاینیان بۆ دەکاتەوە بۆ ئامانجێک کە بیانکات بە ئەندامی حیزب و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەتەکانی ببەنە ناو جەماوەرەوە و ئەندام و لایەنگری تازەی بۆ دروست بکەن". ئەوە ڕوویەکی هاوبەشی هەموو ئەو ڕێکخراوە خێر خوازیانە و حیزبە ئیسلامیەکانی پەنایانن کە سەرچاوەی کۆمەک و داهاتەکانیان کەنداوە یان بە دروستی بڵێین

ڕێکخراوەکانی ئیغاسە و حەرەمەینە و ئامانجە ڕاستەقینەکانی پشت کارە خزمەت گوزارەکانیان هەر ئەو ئامانجانەن کە کاک سەلاحەدین باسی دەکات. ئەوە خاڵی یەکگرتنەوەی زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامیە-سیاسیەکانە بە چاو پۆشین لەوەی کە سەر بە چ مەکتەبێکی فیکرین (ئیخوانی، جەماعەتی یان وەهابی).

کۆمەک کردنی خەڵکی هەژار و دەست کورت بە ئامانجی بە حیزبی کردن ئەزمونێکی سەرکەوتوو و میکانیزمەیەکی گونجاو و بێ گرفتە بۆ پرۆژەی بە سیاسی کردنی ئیسلام وە بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگاکان کە لە لایەن خێرخوازانی کەنداوە پەیرەو دەکرێت. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاندن و ئاشنا بوون بە سیاسەتەکانی یەکگرتوو کورت دێنێت، ئەگەر ئیستراتیژیەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە کۆمەک بەخشەکان یان کاک سەلاحەدین ووتەنی "موسوڵمانانی دەرەوە" لە پشتگیری ماددی و مەعنەوی ئەو حیزبە دیراسە نەکەین و سروشت و کارکردی هاوبەشی ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیانەی کە دەرهاویشتەی پرۆژەکانی پەترۆدۆلارن و بەهەر شێوەیەک بێت ڕایەڵێکی ئیرشادی، ئایدیۆلۆژی،سیاسی، ستراتیژی، کەلتووری، یان ماددی بە وڵاتانی کەنداوەوە دەبەستێتەوە، تێنەگەین.

دەگەڕێمەوە بۆ سێ مەرجە سەرەکیەکانی سەعودیە و وڵاتانی کەنداو، بۆ ئەو وڵات و بزاڤە ئیسلامیانەی کە کۆمەکەکانی ئەو وڵاتانە وەردەگرن کە یەکەمیان دژایەتی کردنی مارکسیەت، عەلمانیەت و ناسیونالیستی غەیر عەرەبیە، دووەمیان دژایەتی کردنی زایۆنیزم و سێیەمیش هەوڵی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامیە و بەراوردی دەکەم لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ ئەو سێ بابەتە. یەکەم ڕاستی دەربارەی ئەو پارتە ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکی پارتەکە بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نییە، بەڵکو وەک کاک سەلاحەدین لە هەمان ژمارەی 12-1-1996 دا دەڵێت "یەکگرتووی ئیسلامی پارتێکی ئیسلاحیەو بە ئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی شارستانی ئیسلامی دامەزراوە". ئەگەر ئەوە دیوێکی یەکگرتوو بێت ئەوا دیوەکەی تری ناساندنی بزاڤ و پارتە کوردیەکانە بە "گومڕا" ئەوانەی گەلی کورد لەگەڵ عیلمانیەت و مارکسیەت گرێ دەدەن " (ڕۆژنامەی یەنی شەفەق، 10-1-1997) .

ئەوە هەر بەتەنیا عەلمانیەت و مارکسیەتی کوردی نییە کە لە دیدی یەکگرتوو گومڕاییە بەڵکو لای ئەوان کێشەی کورد لە بنچینەدا کێشەیەکی پاسیڤ یان نەرێنیە چونکە وەک کاک سەلاحەدین لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت " دابەش کردنی کوردستان لە ئەسڵدا موئامەرەیەکە لە لایەن ئەوانەی کە دەوڵەتی عوسمانیان ڕوخاند" ئەو پێی وایە کە ئامانجەکە "یاخی بوونی کوردان و شۆڕش کردن بووە بۆ داوا کردنی مافە نەتەوەییەکانی و تێکدانی یەکڕیزی ئیسلامی. دواتر ناڕاستەوخۆ کورد تاوانبار دەکات بە بەجێ گەیاندنی ئەو پلانانە و دەڵێت"ئەوە بە فیعلی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە ڕوی دا و گەلێک جوڵانەوە و شۆڕشی کورد بەرپا بوون". ئنجا ڕاشکاوانە بە هەمان پێوەری عەرەبەکان کێشەی کورد و جوڵانەوە کوردیەکان بە بەکرێ گیراو و داردەستی بێگانە تاوانبار دەکات و دەڵێت "کێشەی کوردی بۆتە زەمینەیەکی لەبار بۆ یاری پێ کردنی تەماحکاران و ئیستیغلال کردنی ناحەزان و هەلپەرستان لە دوژمنانی ئیسلام و موسوڵمانان و جێبەجێ کردنی پلانە کانیان". تا ئێرە شازادەیەکی کەنداو یان برایەکی ئیخوان دەکرێت هەر ئەوندە بڵێت، بەڵام کاک سەلاحەدین لێرە ناوەستێت و لە هەمان چاوپێکەوتندا بانگەوازی موسوڵمانان دەکات کە "کێشەی کورد لە ئەولەویاتی خۆیانی دابنێن" بۆ ئەوەی "لە لایەک دیفاع لە ڕەوایی کێشەی کورد بکەن وە کوردیش بگێڕنەوە سەر ڕابردووی پڕ لەسەروەری خۆی" ئنجا ئامۆژگاریان دەکات و دەڵێت کە بەو جۆرە "ڕێ لە ئیستیغلال کردنی قەزیەکە دەگرن لە لایەن دوژمنانی ئومەتەوە" وە هەروەها "ڕێگاش لە کۆمەڵە عیلمانیەکان دادەخەن"، ئنجا مامۆستا ئاوا شکایەت لە ترسناکی ئەو عیلمانیە کوردانە بۆ موسوڵمانان دەکات " مەجموعەیەک لە عیلمانیە توندڕەوەکانی کورد دەیانەوێت لەمێژووی کورد دابشۆرێن و جوگرافیا و واقیع فەرامۆش بکەن، شانازی بە کەلتور و شارستانیە ئیسلامیەکەیانەوە ناکەن وە ئیسلام بەوە تاونبار دەکەن کە هۆکاری مەزلومیەتی کورد و مەحرومیەتی لە کیانی سیاسی" (سایتی یەکگرتوو مقالات) .

بەدبەختی لەوە دایە کە کاک سەلاحەدین تەنها عەلمانیەت و نەتەوە پەرەستی کورد بە تاوانبار دەزانێت.
بۆ نموونە لە چاو پێکەوتنەکەی لە گەڵ (میللی کازێتە 13-1-1996) سەرەڕای ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە ناسیونالیست بوون و عەلمانی بوونی ڕژێمی تورکیا نادات، بەڵام بەزمانێکی توند ڕەخنە لە بەرهەڵستکارانی کوردستانی باکور دەگرێت و دەڵێت "ئەو ڕێگەیەی کە پکک گرتویەتیە بەر نەتەوە پەرەستییە. ئەوان پشت بە کوردایەتی خۆیان دەبەستن" ئەم کوردایەتیەی پکک لای کاک سەلاحەدین ڕەگەز پەرەستیەو و پلانێکە لە دژی تورکیا، ئەو دەڵێت "پکک کێشەیەکی دژ بە تورکیایە و دوژمنانی تورکیا ئەم کێشەیان بۆ خولقاندووە. ئەوانەی سود لەڕەگەز پەرەستی کوردی وەر دەگرن نایانەوێت پکک کۆتایی پێ بێت. دوژمنانی تورکیا سودێکی زۆر لەم دیاردەیە وەر دەگرن"، ئەم حوکمانەی کاک سەلاحەددین تەئکید کردنەوەیە لەسەر هەمان تێڕوانینی پاسیڤیانەی یەکگرتوو بۆ کێشەی کورد . دواتر ئەو بەڕێزە خۆی لە کوردایەتی بەری دەکات و دەڵێت " هەڵبەتە ئێمە هانی پکک نادەین بە نانەوەی ڕەگەزپەرەستی" دواجاریش بە توندترین شێوە ئەو حیزبە هەم تاوانبار دەکات و هەم مەحکوم دەکات و دەڵێت "هەروەها پکک مەحکوم دەکەین بە هۆی کارە تۆقێنەرەکانییەوە".

ئەگەر ئەوە تێڕوانینی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بێت لە سەر کێشەی کورد، دەبێت هەڵوێستی ئەو دەربارەی کێشەی فەلەستین چی بێت و ئەگەر ئەو دژی توند و تیژی و ڕەگەز پەرەستی کوردە، دەبێت چی دەربارەی کردەوە خۆ کوژیەکانی فەلەستین بڵێت. کاک سەلاحەدین لە چاوپێکەوتنێکی (22-10-2000) کە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی یەکگرتوودا بڵاو کراوەتەوە دەڵێت "بەڕێز و ناز و سۆزێکی زۆرەوە لەبەردەم دەستی موبارەکی ڕاپەڕیوانی فەلەستین و قودس و ئەقسا دائەوەستین، دەستیان ماچ دەکەین، ئەو دەستانە کە بەردی زوڵم لێ کراو ئاراستە زاڵم ئەکەن". ڕەنگە بگوترێت کە کاک سەلاحەدین تەنها دەستی ئەو مێرمناڵانە ماچ دەکات کە بەرد دەوەشێنن، ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ئەوێش "مەحکوم دەکات بە هۆی کارە تۆقێنەرەکانییەوە". بەڵام لە هەقیقەتدا لای ئەو زاتە خۆ کوژی فەلەستینیەکان هەنگاوێکی ستراتیژی گەورەیە و تەنانەت ئەگەر کارە تۆقێنەرەکانی ئەوێ بە پێچەوانەی چالاکیە گەریلایاکانی پکک تەنها حەسر نەبێتە سەر ئامانجە سەربازیەکان و بەڵکو هەموو سنوورە باوەکانی نێودەوڵەتی ببەزێنن و ببنە هۆی کوشتنی خەڵکی سیڤیل وبێتاوانیش، لای ئەو هێشتا واجبی شەرعین. ئەو لە پەیامێکی بەزمانی عەرەبی بۆ لایەنگرانی خۆی دەڵێت " وەدەرنانی داگیرکەران و جیهاد لەدژیان، ئەرک و فەرزێکە لە سەر موسوڵمانە فەلەستینیەکان. وە ئەم واجبەش بەجێ نایەت تەنیا بەو کارە ئیستیشهادیە دوژمن تۆقێنەرانە نەبێت، وە ئەم کردەوانە (واتە کردەوە خۆکوژیەکان) دەبێتە واجب". دانیشتوانی هەموو شارەکانی ئیسرائیل لای کاک سەلاحەدین شایستەی ئەو کردەوە تۆقێنەرانەیە چونکە "ئیسرائیل هەر هەمووی یەک موعەسکەری داگیرکاریە، ئەو دەوڵەتی ئیرهاب و ترساندن و سەرەتانێکە لەسەر سینگی ئومەتی ئیسلامی، وە دیارە کە جەنگی نەفسی و ترس خستنە دڵی دوژمنی داگیرکەرەوە وە شێواندنی ئاسایشی شارەکانی هەنگاوێکی ستراتیژی گرنگە لە کێشەی فەلەستینی زایۆنی،وە کردەوە ئیستیشهادیەکان دەبنە ئیستراتیژیەتێکی سەربازی و سیاسەتێکی سەرکەوتوو" (ڕسالە الامین العام، سایتی یەکگرتوو). ئەو کە ئەو کوردانەی هەوڵی لابردنی ستەمی نەتەوەیی دەدەن، بە ڕەگەز پەرست تاوانبار دەکات خۆی ئاوا وەسفی جولەکە دەکات و دەڵێت "سەرچاوەی ستەم و زوڵم و خیانەت و فێڵبازی لە دونیا جولەکەیە" (چاوپێکەوتنی 22-10-2000) لە بەر ئەم "خیانەت و فێڵبازیەی جولەکەکان" وە هەروەها لە بەر ئەوەی لای ئەو "ئیسرائیل هەر هەمووی یەک موعەسکەری داگیرکاریە" بۆیە کوشتاری مەدەنیەکانی ناو ئیسرائیلیش واجبە و بە گوێرەی ئەو "فوقەهاکان بڕیاریان لەسەر ڕێگە پێدانی کوشتنی ئەو مەدەنیانەیان داوە (واتە جولەکەکان) هەرچۆنێکی بێت".

دوا نمونەم لە سەر هاوتا بوون و یەکگرتنەوەی سیاسەت وجیهانبینی یەکگرتوو لە گەڵ سیاسەت و ئامانجەکانی پرۆژەی پەترۆ-دۆلار، هەڵوێستی ئەو حیزبەیە لەسەر ڕەسمی بوونی زمانی عەرەبی لە کوردستاندا. دیارە گەلانی دونیا و حکومەتەکانیان ئازادن لەوەی کە چۆن زمانی خۆیان پێش دەخەن و چ ڕێنوسێک بۆ زمانەکانیان دادەنێن و بێجگە لە زمانی دایکیان گرنگی و بایەخ بە چ زمانێکی تر ئەدەن و ئەوەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئەو

گەلانە و تایبەتمەندی ئەو زمانە بێگانەیەی کە دەکرێتە زمانی دووەم. لەسەر ئەو ئەساسە پێم وایە فێر بوونی زمانی عەرەبی لە کوردستان گرنگیەکی بەرچاوی هەیە. بەڵام هەروەک چۆن کورد مافی نییە کە زمانی خۆی نەک هەر بەسەر عەرەبەکاندا بەڵکو بەسەر تورکمان و ئاشوری و کەمایەتیەکانی کوردستانیشدا فەرز بکات. بە هەمان شێوەش هیچ لایەنێکی تر لەژێر هەر پەردە و بیانویەکدا بێت مافی نیە کە زمانێکی تر بە سەر کورددا بسەپێنێت. ئەمەش ئەلف و بێی دیموکراسی و تۆلەرانس و فرەییە. بەڵام لە ڕوانگەی کاک سەلاحەدین ئەو مەسەلەیە بە جۆرێکی ترە. لای ئەو زمانی عەرەبی دەبێت تا ئەبەد لە کوردستان بمێنێتەوە چونکە زمانێکی موقەدەسە و "زمانی قورئان و حەدیسە"، وە بەم پێیەش "بەهیچ شێوەیەک ئەو ڕۆژە نایەت کە عەرەبی غەریب بێت لە ناو گەلی کورد". کاک سەلاحەدین نەک هەر ئەوانەی کە نایانەوێت فێری زمانی عەرەبی ببن و بە قەولی ئەو لە "عەرەبی دابڕێن" ، تەنانەت ئەوانەش کە لە هەوڵی ئەوە دان کە ئەلفابێتی لاتینی بۆ زمانی کوردیش لە بری ڕێنوسی عەرەبی بەکار بێنن، بە کەسانی "مەبەست شۆڤێنی و حاقد دەربارەی ئیسلام و زمانی عەرەبی" تاوان بار دەکات و خۆیشی شانازی بەوە دەکات کە "دامەزراوە حیزبیەکانی لە خزمەت زمانی عەرەبی دان (ایسلام ئون لاین 6-10-2005- سایتی یەکگرتوو)

لە کورت کردنەوەی باسەکەمدا دەڵێم، لە ئاقاری پرۆژە ئیستراتیژیەکانی نەتەوەیی گەلی کورد، یەکگرتوو نەهاوکاری جیددی ، نە شەریکی تا سەر ،وە نە ئەلتەرناتیڤ دەبێت. چونکە لە بنەڕەتدا یەکگرتوو پرۆژەیەک نیە بۆ وەڵام بە ستەمی میللی بەڵکو پرۆژەی بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەوەی ئەم دوو جوڵانەوەیە (میللی و ئیسلامی) لەیەکتری جیا دەکاتەوە و درزی نێوانیان فراون تر دەکات و تەنانەت لەزۆر بواردا دەیگەیەنێتە ڕادەی بەیەکەوە هەڵنەکردن و بەرەنگار بوونەوە، واقیع و مێژوویەکی هاوبەشی سەدان ساڵەیە کە هەردووکی لێ وەبەر هاتووە. واقیع و مێژویەک کە لەم سەرەوە سەرتاپای باڵادەستی سیاسی و ئابووری، وە بەهێزی و موقەدەسی کەلتوور، فەرهەنگ ، زمان وە سەرەنجام شاناز-هاوەری ئەتنیکی عەرەب بووە، لەو سەریشەوە ژێردەستەیی سیاسی و ئابووری وە مەحرومیەت و پاشکۆیی فەرهەنگ و کەلتور و زمانی کوردی،وە کێماسی بوونی ئەتنیکی و شکست خواردوویی کەسایەتی تاکەکانی کورد بووە. هەردوو جوڵانەوەکە لەم واقیعەوە هەنگاو دەنێن بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز. جوڵانەوەی میللی کورد هەوڵێکە بۆ کۆتایی هێنان بەو واقیع و مێژووە تاڵە و لابردنی باڵادەستی ئەوی تر و ژێردەستەیی خۆی و هێز دانەوە و پیرۆز کردنەوەی کەلتور و زمان و ڕاست کردنەوەی کەسایەتی شکست خواردووی تاکەکانیەتی. بە پێچەوانەوە، جوڵانەوەی بە ئیسلامی کردنی کوردستان لە بنچینەدا هەوڵێکە بۆ خۆ وەبەر هێنانەوەی باڵادەستی ئەتنیکی عەرەبی و زیندوو ڕاگرتن و بە موقەدەسی هێشتنەوەی موفرەداتی عەرەبییە. کە ئەوەش پێشێل کردنی مافی سەرەتایی وەک یەک بوونی گەلان و لەبار بردنی لێبوردەیی و ڕەش کردنەوەی فرە ڕەنگیە، کە هەمووشی بەسەر یەکەوە لێدانی پایەکانی دیموکراسین.

بۆیە لە بینا کردنی دیموکراسیشدا یەکگرتوو مەگەر وەک تاکتیکێک و بۆ چەند مەبەستێکی زۆر ئانی ئەگینا نایەوێت وە ناتوانێت دارێک بخاتە سەر بەردێک. بێجگە لەوەش یەکگرتوو بە هیچ جۆرێک پرۆژە نیە بۆ بە دیموکراسی کردنی کوردستان. ئەو بەشێکە لە پرۆژەیەکی جیهانی کە دەیان ملیار دۆلاری بۆ خەرج کراوە، پرۆژەیەک کە لە ئەسڵدا بۆ بەرەنگار بوونەوە و وەستاندنی دەنگ و ڕەنگ و دیدی جیاواز درووست بووە. سادەترین ڕاستی ئەوەیە کە دیموکراسی ئەو تاکە شتەیە کە حاکم و موسوڵمانە خواپێداو و خێرخواز و لەخوا ترسە دڵ ئاواکانی کەنداو ئامادە نین نەک دۆلارێک بگرە سەنتێکیشی بۆ بکەنە خێر و سەدەقە. بە پێچەوانەوە خێر و سەدەقەی ئەوان بۆ ئەوەیە کە خوداوەند باهۆزی دیموکراسی بگەڕێنێتەوە خەزێنەکەی خۆی و ئەوان و سیستەمە بنەماڵەییەکانیان و زاڵێتی و کەسایەتی پیرۆزی عەرەبی لەو بەڵایە بەدوور بکات.

دەکرێت بگوترێت کە هەرچەند ئەمڕۆ یەکگرتوو بەهۆی کراوەیی، مۆدێرنیزە خوازی و تۆلێرانسی کۆمەڵگای کوردەواری و بار و دۆخی کوردستان و لاوازی پێگەی ئەو پارتە لە چاو پارتە کوردستانیەکاندا وا پێویست دەکات کە ئامانج و مەبەستە ڕاستەقینەکانی خۆی لە پۆشاکی ئیسلاحی دا بشارێتەوە و وەک ئەکتەرێکی کۆپیکاری

دیموکراسیش خۆی بنوێنێت. بەڵام جوڵانەوەیەک ئەگەر لە سەرچاوەدا لە کوانوی ڕیفۆرم و دیموکراسی سەری هەڵنەدابێت، سەرچاوەی بەردەوامی ژیان و چالاکی (کە خێرخوازیە)لە سەرزەمینێکەوە بێت کە چاکسازی، عەدالەت و دیموکراسی تێدا غایب بێت وە دەرهاویشتەی پرۆژەیەک بێت کە لەسەر لێبوردەیی و مافی وەک یەک بۆ هەموان بونیات نەنرابێت، هەر ئەوەندە دیموکراسی دەبێت و هەر ئەوەندەش چاکسازی دەکات کە باوان و دایەنی لە وڵاتی خۆیاندا کردوویانە و دەیکەن.

سەرچاوەکان:

تێبینی: سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون لە سایتی یەکگرتوو بە ئاسانی دەست دەکەون. لێرەدا تەنها سەرچاوە ئینگلیزیەکان دەنوسمەوە.


**1-** Oil reopening the door, By: Stanislaw, Joseph; Yergin, Daniel. Foreign Affairs, Sep/Oct93, Vol. 72 Issue 4, p81-93, 13

**2-** Jeremy Rifkin, *the Guardian of London,* April *26, 2002*

**3-** Morse, E 2002, “the battle for energy dominance”, *Foreign affairs*, vol. 81 no.2. Also see: Baghat, G 2001 ‘Managing dependence: American-Saudi oil relation’, Arab Studies Quarterly, vol. 23, no.1.

**4-** The Saudi connection, by:Kaplan, David E, Ekman, Monica, Latif, Amir, US News and World report 12-15-2003, vol. 135, no. 21. Also see: Unholy war, By Gold, Dore, American spectator, vol. 36, no.2, March/ April 2003.

**5-** John, Bulloch and Adel Darwidh 1993, *Water wars, coming conflicts in the Middle East*, Victor Gollancz, Londaon.

**6-** Dilip, Hiro 1988, Islamic Fundamentalism, Collin publication group, London